# بۆ ڕێگری لە بردنەدەرەوەی دۆلار، لە دەروازەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان سۆنەر دادەنرێت

جەمال کۆچەر: باوەڕ ناکەم دانانی سۆنەر کاریگەرییەکی وای هەبێت



Share

Tweet

Email

Share

Share

حکوومەتی عێراق بۆ ڕێگری لە بردنەدەرەوەی دۆلار بۆ وڵاتانی دراوسێی، لەبەرنامەیدایە ئامێری سۆنەر لە دەروازە سنوورییەکان دابنێت، بەڵام ئابووریناسان پێیان وایە، لەلایەن بازرگانانەوە ڕێگەی دیکە هەیە بۆ بردنەدەرەوەی دۆلار و ئەو ڕێگەیە کاریگەریی ئەوتۆ و درێژخایەنی نابێت.

**دانانی ئامێری سۆنەر**

بەپێی زانیارییە رۆژنامەوانییەکان، لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی، کە حکوومەتی عێراق بۆ ڕێگری لە دابەزینی بەهای دینار لەبەرامبەر دۆلار گرتوویەتییە بەر لەناوخۆی وڵاتدا، دانانی ئامێری سۆنەرە لە دەروازە سنوورییەکان، تاوەکوو لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە ڕێگریی بکرێ لە بردنەدەرەوەی دۆلار بۆ وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت بۆ ئێران.
لەمبارەوە، ساماڵ عەبدولرەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستان، لە ڕوونکردنەوەیەکیدا، کە لە ماڵپەڕی فەرمیی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی بڵاو کراوەتەوە، تیایدا ئاماژەی بەوە داوە، کە تاوەکوو ئێستا بەشێوەی فەرمی بڕیارەکەیان بۆ دانانی ئامێری سۆنەر لە دەروازە سنوورییەکان بە دەست نەگەیشتووە، کە حکوومەتی عێراق بەنیازی دانانی ئامێری سۆنەرە، بۆ بەرگرتن لە بردنەدەرەوەی دۆلار بۆ دەرەوەی عێراق.

بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، "دانانی ئەو ئامێرانە لە دەروازەکان ڕێگر دەبێت لە بردنەدەرەوەی دۆلار بۆ دەرەوەی وڵات."

**سیناریۆی دیکە**

هاوکات، مەزهەر محەمەد ساڵح، ڕاوێژکاری دارایی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا باسی لەوە کردووە، دوو بۆ سێ مانگ بەسە تا تەنگەژەکانی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و دەرەنجامەکانی کەم بکەنەوە.

ئاشکراشی کردووە، کە سیناریۆی یەکەمیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە ئەوەیە، کە پارێزگاریی لە نرخێکی پەسەندکراو و جێگیر بکرێت، کە نزیک بێت لە نرخی فەرمییەوە.

لای خۆشیانەوە، پارێزگاری بانکی ناوەندی، لە دیدارێکدا لەگەڵ ژمارەیەك ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاندووە، سیاسەتێکی نوێ و میکانیزمێکی جدیی بۆ چاککردنی بەرزیی بەهای دۆلار بەرامبەر بە دیناری عێراقی دەگرنە بەر.

کوتلەی ئیشراقەی کانوون لە پەرلەمانی عێراق، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە، کە دوێنێ هەینی، کۆمەڵێك پەرلەمانتار لەگەڵ عەلی عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندی بەوەکالەت کۆ بوونەتەوە.

لەمیانی کۆبونەوەکەدا، پارێزگاری بانکی ناوەندی جەختی لەسەر پەسەندکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتێکی نوێ لەلایەن بانکی ناوەندی و پەرەپێدانی میکانیزمی جدیی بۆ دەرچوون لەم دۆخە چەقبەستووەی ئێستای وڵات، کردووەتەوە.

بەپێی چەند سەرچاوەیەك، پلانی نوێی عەلی عەلاق، پارێزگاری نوێی بانکی ناوەندیی عێراق بریتییە لە "کردنەوەی دەرگای دانوستان لەگەڵ بانکی فیدراڵیی ئەمریکا، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە سنووردارکردنی دۆلار بۆ بازاڕەکانی بکرێت."

لای خۆشیانەوە، محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاشکرای کردووە، لەسەر بابەتی دۆلار، شاندێک بە سەرۆکایەتیی فواد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق و کۆمەڵێک پسپۆر سەردانی واشنتۆن دەکەن.

**"باوەڕ ناکەم دانانی سۆنەر کاریگەرییەکی وای هەبێت"**

جەمال کۆچەر، پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بەغدا، لە لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە دانانی ئامێری سۆنەر لە دەروازە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆ (باسنیوز) گوتی: "باوەڕ ناکەم دانانی سۆنەر کاریگەرییەکی وای هەبێت".

بەڵام، هەردەوان مەحموود نەقشبەندی، ئابووریناس، بۆ (باسنیوز) ڕایگەیاند، دانانی ئەو ئامێرە کاریگەرییەکی کەمی دەبێت لە کورت مەودادا، بەڵام لە مەودای درێژدا کاریگەرییەکەی نامێنێ، گوتیشی: "کاریگەریی سەرەکیی دابەزینی بەهای دۆلار پەیوەندیی بە کەمکردنەوەی خواستەوەیە لە بازاڕی ڕەشدا، چونکە تاوەکوو ئێستاش خواستێکی زۆر بەهێز هەیە لەسەر دۆلار لە بازاڕی ڕەش، کە پێدەچێ زیاتر قازانجی بازرگان و سەرمایەدارەکان لەم شێوازی مامەڵەپێوەکردنەدا بێت، بۆیە ئامادە نین مل بدەن بۆ مامەڵەی بانکی."

لای خۆشیانەوە، د.ئیدریس ڕەمەزان، ئابووریناس، بۆ (باسنیوز) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دانانی سۆنەر ڕێگەیەکە لە ڕێگریی بردنەدەرەوەی دۆلار و بە قاچاخ بردنی، بەڵام ڕێگاچارەی تەواو نییە، ڕێگاچارەی تەواو ئەوەیە هەوڵ بدرێ تەواوی ڕێگاکانی بردنەدەرەوەی دۆلار کۆنترۆڵ بکرێن، چونکە ئەگەر لە ڕێگەی

دەروازەکانیشەوە نەبێت، ئەوا بازرگانان چەندین ڕێگەی دیکەیان بەدەستەوەیە، بۆ بردنەدەرەوەی دۆلار، گوتیشی: "تا ئاستێك دانانی سۆنەر ڕێگایەکی باشە بۆ ڕێگری لە بردنەدەرەوەی دۆلار، چونکە زۆرترین ڕێژە لە دەروازەکانەوە وەکوو کاڵا دەبردرێ، هەرچەند ڕێگاکان کۆنترۆڵ بکرێن، بێ گومان دۆلاری کەمتر دەڕواتە دەرەوە و ئەوەش کاریگەریی دەبێت لەسەر پرکردنەوەی خواستی ناوخۆیی و دابەزینی بەهای دۆلار، کە ئێستا خواستی زۆری لەسەرە."

جێی باسە، پێگەی فەرمیی بانکی ناوەندیی عێراق، سەبارەت بە خستنەڕووی دۆلار رایگەیاندووە، لە رۆژی یەکشەممەی رابردووەوە تا پێنجشەممەی هەفتەی رابردوو 26ـی 1ـی 2023، بڕی 437 ملیۆن و 300 هەزار و 223 دۆلاری فرۆشراوە، ئەمەش بەراورد بە هەفتەی پێشوو، ڕێژەکە 26.27% دابەزیوە.

هەروەها بەرزترین فرۆشی دۆلار لە رۆژی دووشەممەدا بووە، کە فرۆشی 126 ملیۆن و 944 هەزار و 502 دۆلار بووە، لە کاتێکدا کەمترین فرۆش لە رۆژی پێنجشەممەدا بووە، کە 61 ملیۆن و 649 هەزار و 886 دۆلار بووە.